# شانۆی سەر شەقام

## ڕێباز و نیگەرانی و ستراتیژییەکان

**Street Theater, Approaches, Strategies and Disturbances**


## * محمدرضا محسنی[1]

**پرۆفیسۆری یاریدەدەری زانکۆی ئازادی ئیسلامیی ئەراک لە ئێران**


**ئامادەکاری بۆ کوردی:**

## ڕەحمان عەزیزی


[1] ئیمەیڵ: mahramin٢٠٠٤@yahoo.com،

فاکس: ٨٨٦٣٤٥٠٠ـ٠٢١

تەلەفۆن: ٠٢١_ ٤٤٨٧١٠٨٧

# پوختە

**شانۆی سەر شەقام یەکێکە لەو شێوە نمایشانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا و تەنانەت لە نێو هونەرمەندانیشدا کەمتر گرنگی پێدراوە.**

**ئەم نمایشە زۆرجار لە دەرەوە و شوێنی کراوە ئەنجام دەدرێت،**

**دەتوانێت بەهۆی ئەو دۆستایەتیەی و ئینتیمای کەشەکەیەوە، هەروەها بەهۆی دەربڕینی ئازاری کۆمەڵایەتییەوە،لە کۆمەڵگادا کاریگەرباشی هەبێت.**

**. شانۆی سەر شەقام دوو ئەرکی هەیە، یەکەم: فەنکشنی و کرداری فێستیڤاڵی هەیە، کە لە شێوەی نمایشی گروپی و کەرنەڤاڵی خۆشیدا بەڕێوەدەچێت و دەبێتە هۆی هاوسۆزی لای هاوڵاتیان؛ بەڵام ئەرکەکەی تر نمایشکردنی ئەو شانۆگەریانەیە کە تایبەتمەندی ناڕەزایەتی دەربڕین و تایبەتمەندی یاخیبوون هەیە، کە ئاماژەن بۆ دژایەتی کولتووری یان کەم و کوڕی کۆمەڵایەتی.**

**لەم بابەتەدا وێڕای دەستنیشانکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بواری وەها شانۆگەرییەک، بەدواداچوون بۆ تایبەتمەندی و نیگەرانییەکانی تێدا دەکەین، هەروەها بەدواداچوون بۆ ستراتیژییە پێویستەکان دەکەین بۆ گەیشتن بە توانا کاریگەرەکانی ئافراندنی هونەری.**

# پێشەکی

کاتێک باس لە شانۆی سەر شەقام دەکەین، باس لە شانۆ دەکەین کە لە شەقامەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرچەندە ئەم جۆرە شانۆیە دەتوانرێت لە هەر شوێنێکی دیکەی دەرەوە نمایش بکرێت.

شانۆی سەر شەقام فۆرمێکی شانۆیی یان شانۆییە کە لە دەرەوە و لەبەردەم خەڵکدا نمایش دەکرێت. لە راستیدا هونەرمەندانی ئەم فۆرمە شانۆییە کۆلانەکە وەک دیکور و رازاندنەوەیەک بۆ کاری شانۆیی خۆیان بەکاردەهێنن و زۆرجار لەژێر کاریگەریی پاڵنەر و سەرنجراکێشییەکانی فەزای دەرەوەدا دەبن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نمایشی سەر شەقامەکان بەبێ بەرامبەر بۆ خەڵکی گشتی ئەنجام دەدرێت

وە شوێنی نمایشکردن بەگشتی یەکێک لە شوێنەکان یان شەقامە گشتیەکانی شارەکە یە،وە هەروەها ناوەندەکانی بازرگانی وشوێنی راگرتنی ئۆتۆمۆبیل لە نێو ئەو شوێنانەدان.

ژیانی ئەمرووکەی ئێمە پرە لە گۆڕانکاری  خێرا لەگەڵ پەرەسەندن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و چێژوەرگرتن لە زۆرترین ئیمکاناتی کات بەسەربردن.

فراوانبوونی ئەم ناوچانە بووەتە هۆی وێرانکاری ولە بین چوونی زۆرێک لە خوو و نەریتە کانمان. پێشکەوتنی بەرچاوی زانستی و تەکنیکی بە هەمان شێوە ئەگەری هاوڕێیەتی و هاوسۆزی و ئاستی بەشداری کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکاندا کەم کردووەتەوە

بوونی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مانگە دەستکردەکان بە شێوەیەکی دڕندانە هەموو کاتکانی بەسەربردن مرووڤ دەخوات و خەڵک هەندێک جار ئەوەندە سەرسامی  ئەم ئیمکاناتانە دەبن کە بە تەواوی لە بوونی ژینگە کۆمەڵایەتییەکان بێبەش دەبن.

لەدەستدانی دەرفەت بۆ بەشداریکردن لە زنجیرەکان کەئامانجیان یەکەکەو بەدوای یەک ئامانجدا دەگەڕێن ؛ لە لایەکی دیکەوە، دوودڵیی خەڵک بۆ پەیوەندیکردن،وا دەکات خەڵکێکی زیاتر کەمترئەگەری گفتوگۆکردن،ئاڵوگۆڕی بیرکردنەوەو  هەست و سۆزیان بێت  وە بە ناچاری قوربانی پەیوەندییە نەخۆشخوازەکانی ئێستا و خووە سەرزەنشتکراوەکانە وردە وردە بەرەو تاکاسیەتی بێ سنوور بچن. بێ گومان پێکدادانی بیرکردنەوەکان و ئاڵوگۆڕی هەستەکان دەبێتە هۆی زیندوویی دەروونی و بەختەوەری، و دەوڵەمەندکردنی بیرکردنەوە و هەستی مرۆڤایەتیمان.

بێ گومان لە دۆخێکی ئاوادا، دروستکردنی گروپی شانۆ و دراما دەتوانێت، لە سەرووی هەموو شتێکەوە، هاندانی کاری تیمی و پێکەوە بوون هاوڕێیەتی بۆ کارکردن و هاوسۆزی و هاوڕێیەتی لە ئێمەدا دروست و بەهێزتر بکات  وبە دابینکردنی ساتەکانی خۆش بە چالاکییە دەروونییەکان، لە ناوەڕاستی چالاکییە بێزارکەرەکانی ڕۆژانەدا، دەتوانێت ژیان پڕ بکات لە هیوا.

هەروەها ئەکتەری شانۆی سەر شەقامەکان دەتوانن تردەست و سیحربازی سەرنج ڕاکێش و کۆمپانیا گەورەکانی نمایش ، یان ڕێکخەری فێستیڤاڵی سەما و مۆسیقا بن.

ئەوەی ئێمە وەک شانۆی سەر شەقام لێی دەکۆڵینەوە، چەندین دیسیپلین لەخۆدەگرێت کە هەندێک جار پەیوەندییەکی کەمیان بە یەکەوە هەیە؛ هەروەها چەندین نمایشی ڕێوڕەسمی و فێستیڤاڵی شەقام و جۆرە نەریتی و کۆنەکانی شانۆ لەم کۆمەڵەیەدا جێگیرکراون.

لە ڕاستیدا فراوانی و جۆراوجۆری نمایشەکانی سەر شەقامەکان وا دەکات کە نەتوانرێت وەک کۆیەکی یەکگرتوو هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

بەڵام لەم بابەتەدا بەنیازی ئەوەین نیشان بدەین کە جۆرە جیاوازەکانی ئەم شانۆگەرییە سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییەکان وڕێبازەکان هاوبەشی و وە ئەو نیگەرانییە باوانەی هاوبەشی کە کەم تا زۆر کە هەن، دەتوانن هونەرمەندان و سەرپەرشتیارانی ئەم شانۆیە بەرەو ستراتیژیە هاوبەشکان بەرن .

## مێژووی شانۆی سەر شەقام

بە وردبوونەوە لە مێژووی شانۆی دەرەوە یان شانۆی سەر شەقام، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شانۆ لە سەرەتای بوونی خۆیەوە کە مێژووەکەی بۆ لە دایک بوونی یەکەم مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی دەگەڕیتەوە هەمیشە لە فەزایەکی ئاوەڵە نمایشکراوە . لە شانۆی یۆنانی کۆنەوە تا سەدەکانی ناوەڕاست و تەنانەت لەمرۆشدا چەندین فێستیڤاڵی شانۆی کراوە بەڕێوەچووە، چونکە خەڵکێکی زۆر توانیویانە بەشداری بکەن، و بەم شێوەیە شکۆمەندی ئەو کارە هونەرییە ڕوونتر پێشکەش دەکەن.

یەکێک لە ڕەگەکانی کۆنی دیمەنی شانۆی شەقام لە ڕێوڕەسمی ئایینی ڕوون ئەوە دەکرێت کە ئەم ڕێوڕەسم و ڕێوڕەسمە ئایینی و نەریتییە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بە ئامادەبوونی مرۆڤێک دەرکەوتووە کێ خاوەنی دەسەڵاتی ڕۆحی عەشیرەت بوو وە بووە هۆی زیندوویی و مۆڕاڵ و تەندروستی جەستەیی خەڵکی هۆزەکە، وە بە ڕێکخستنی سەما و ڕێوڕەسمی شکۆمەند، کاریگەری خۆش وە هونەری بەنرخی دابین کرد.

تەنانەت ئەمڕۆش سپۆنسەرەکانی شانۆییەکانی دەرەوە هەوڵدەدەن کەشێکی ڕۆحی لەو شێوەیە لە نمایشەکەدا دروست بکەن.

کە هەندێک جار بە زیندووکردنەوەی هەندێک لەو ڕێوڕەسمە کۆن و شانۆگەرییە ڕەسەنانە ئەنجام دەدرێت، چونکە شانۆی کۆن چەمک و تەوەرەکان لە شێوەی خۆیدا بەکاری هێناوە کە لە چوارچێوەی کاتدا قەتیس نین و دەتوانرێت درێژ بکرێتەوە بۆ سەردەمی ئێستا.

یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان شانۆی دەرەوە لە ڕابردوودا و شانۆی سەر شەقام لە سەردەمی ئێستادا، جیاوازیی هێزی داهێنەرانەی خوڵقێنەرانی شانۆگەرییەکانە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆرجار تەقلیدکردن لە نەخشی شانۆی کۆن بەسەر شانۆنامەکەدا زاڵ بوو؛ هەرچەندە ئیمپرۆڤیزەیشن هەبوو، بەڵام زۆربەی نمایشەکان سەرگەرمی بوون و کەمتر ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بە جددی وەردەگیرا.

دەرهێنەری شانۆگەرییەکە دەرفەتی دەرکەوتنی کەمتری بۆ نیشان دانی بەهرە و داهێنان هەبوو؛ لە کاتێکدا لە سەردەمی ئێستادا شانۆگەرییە سەر شەقامەکان جگە لە شێوازی سەرگەرمی،زۆرێک لە ئازارەکانی کۆمەڵگا دەردەبڕن، باس لە زۆرێک لە کێشەکانی کۆمەڵایەتی دەکەن و لایەنە داهێنەرەکان زیاتر بەرچاو دەکەون وتێیدا دیارن.

نمایشی ڕێوڕەسمی و فۆلکلۆر وکات بەسەربردنی لەلای ئیمپراتۆرە کۆنەکانی وەک ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ومیسری کۆن و هەروەها ئێرانیش جێگەیەکی تایبەتی هەبوو.

لە ئەوروپا لەگەڵ سەرهەڵدانی قەشە مەسیحییەکان، زۆرێک لە چالاکییە هونەری و نمایشییەکان بە کردەوەی سووک دادەنران.خنکێندرا یان سەرکوت کرا؛؛ بەم شێوەیە ئەم جۆرە شانۆ ئایینیانە کە میراتی شارستانیەتی کۆن بوون، لە هونەری فۆلکلۆر لە بین چوون وئاسەواریان نەما.

بە مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووناسی و نەسەبی شانۆی سەر شەقامەکان، شانۆی سەدەی ناوەڕاستیش بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە دەناسێنرێت.

تایبەتمەندی سەرەکی ئەم شانۆیە کە لە سەدەی دەیەمدا سەری هەڵدا و لە ڕێگەی بیروباوەڕی ئایینییەوە بەردەوام بوو، لە بنەڕەتدا بەرەوپێشبردنی بەها ئایینی و کەنیسەییەکان بوو. یەکەم فۆڕمی دراماتیک لە شێوەی یاریکردندا لە فەزای کڵێسادا دۆزرایەوە؛ خوێندکارانی ئایینی و قەشەکان بە وێناکردنی دیمەنە ئایینییەکان و نمایشە ڕێوڕەسمییەکان بناغەکانی ئەم جورە لە هونەری شانۆیان دانا.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە کە بە هۆی پەیوەندیی بە پێوەرە شانۆییەکانی سەردەمی ئێستاوە گرنگە، بریتییە لە خستنەڕووی ئەو ڕاستییەی کە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست سەردەمی ئاهەنگ و فێستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی جۆراوجۆرە.

پێداچوونەوە بە لایەنە تەمثیلییەکانی ئەم فێستیڤاڵ و کەرنەڤاڵانە بۆهونەری شانۆیی سەرشەقام لە ئێستادا وگفتوگۆ لەم بارەوە گرنگییەکی زۆری هەیە.

بۆیە چۆنێتی بەڕێوەچوونی ئەم ئاهەنگانە و ڕەگ و ڕیشەیان و ناوەڕۆکێکی هونەری و فیکرییان یارمەتیدەرێکی گەورەن بۆ ئەوەی باشتر لە دۆخی ئێستای شانۆی سەرشەقام تێبگەین.

# رێبازەکان

لە سەردەمی ئێستادا، لە ژێرسێبەری کارلێکە کولتوورییەکانی نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا، زۆرێک لە هونەرە شانۆییەکانی نەتەوە جیاوازەکان لەیەکتردا تێکەڵ دەبن؛ هەندێک شانۆی ئەفریقا لە فێستیڤاڵە ئەوروپییەکان بەڕێوەدەچن، یان هەندێک ڕێوڕەسمی ڕۆژهەڵاتی دوور بە کەمێک گۆڕانکاری لە نێوان خەڵکی وڵاتانی دیکەدا ئەنجام دەدرێن.

لە ڕاستیدا بوونی بینەر و گەشتیاران فۆڕمی ڕەسەنی زۆرێک لە سەما و نمایشی گۆڕیوە و لەگەڵ سەلیقەی ئەمڕۆدا گونجاندنیان کردووە و هەوڵی مۆدێرنکردنی ئەم ڕێوڕەسمانە دەدات. بۆ نموونە زۆرێک لە ڕێوڕەسمە سیحراوی کە لەخێڵەکان و نەتەوەکانی ئەفریقاییدا پێشکەش دکرا ئەمڕۆ بووەتە جۆرێک لە کات بەسەربردن بۆ خەڵکی نەتەوەکانی تر.

بە تایبەتی پیشەسازی گەشتیاری کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ئابووریی خەڵکی هەر وڵاتێکی جیهان لە ئەمڕۆدا، هەندێک نەریتی دێرینی زیندوو کردووەتەوە و ئاسمیلەی کردووە بە سەلیقەی خەڵکی ئەم سەردەمە، کە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران.

ئەمڕۆ لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کاربەدەستانی شارەکان ئەوەندە تێگەیشتوو بوون کە لەگەڵ هونەرمەندان و نمایشکارانی سەر شەقامەکان پەیوەندی دەکەن و بەربەست وکۆسپ بۆ پێشکەشکردنی هونەرەکەیان پێش ناهێنن.

بە تایبەتی لە شارە گەشتیارییەکان کە بەشێکی زۆری داهاتی شارەکە لەلایەن گەشتیارانەوە دابین دەکرێت، بوونی شانۆی سەرشەقامەکان بەشدارە لە ئاوەدانی شارەکە، زۆربەی نمایشەکان سەرگەرمیین؛ تەنانەت ئەو شانۆگەریانەی کە ڕەخنە لە نائارامی کۆمەڵایەتی دەگرن، هەرگیز لەلایەن دەسەڵاتەوە هەڕەشەیان لێ ناکرێت، بەڵکو تەنها چاودێری و کۆنترۆڵ دەکرێت.

لە ڕاستیدا بوونی بەرپرسان وەک پێشکەشکاری زۆرێک لەو بەرنامانە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لیڤەری چاودێریکردن بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕێک و پێک لەم نمایشانەدا بەکاربهێنرێت.

هەروەها لە ئاهەنگەکاندا، بەرپرسانی شارەکە زۆرجار شەقامەکان بۆ ئاهەنگەکان و ئامادەبوونی گشتی ئامادە دەکەن، وەک هاندانی خەڵک بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانیان لەو بەرپرسیارێتییە کارانەی کە لە ئەستۆیان دەگرن.

لە ڕابردووەوە تا ئێستا درزێکی ڕوون لە بەکارهێنانی ئەم هونەرەدا هەبووە؛ وە لەهەمان کاتێکدا ئەرکە خۆش و سەرگەرمکەرەکانی ماونەتەوە، بەڵام زۆربەی شانۆییە کانی دەرەوە بۆ ئامانجی سیاسی و بەڕانگاربوونە بۆ باشترکردنی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری بەکاردەهێنرێن.

بەدڵنیاییەوە گۆڕانی پاساژ و شوێنەکانی گشتی بۆ شوێنی نمایشکردن و شێوازی سەیرکردنی خەڵک و ڕێبواران لەم پرسەدا، پرسگەلێکی لێکۆڵێنراو لە بواری شانۆی سەر شەقامدا دەوروژێنێت.

بەڵام شانۆ لە زۆر قۆناغی مێژوویيدا مەیلی دەربازبوونی لە فەزای دەرەوە هەبووە و مەیلی ئەوەی هەیە لە شوێنە جێگیرەکاندا ئامادە بێت؛ چونکە بەگشتی باوەڕ وابوو کە ئەم ڕویشتن وجووڵانە ، دەبێتە هۆی جۆرێک لە ناسەقامگیری و لەدەستدانی وێنەی پڕێستیجی هونەری ئەکتەرەکان؛ وە ئەم هەستە دەرئەنجامی ئەزموونە تاڵەکانەی ئەکتەرەکان لە قۆناغی جیاوازی کاری هونەری خۆیاندا بوون.

تەنانەت شانۆی یۆنانی کۆن کە وەک هونەرێک ناسرابوو، چووە ناو فەزای داخراوەوە؛ لە ناو دڵی شارکان بۆ ئەم مەبەستە هۆڵ و کۆشکەکانی تایبەت لەبەرچاو دەگیران.

بەڵام شانۆ، چ بە شێوەی کۆمیدی بێت یان بە شێوەی تراژیدی، هەمیشە گوزارشت لە عەقڵی بەکۆمەڵی خەڵکی کردووە. وە بەردەوام هەوڵ دەدا ، ڕەهەندە هێمادارەکان وە هێمای مرۆڤ وە جیهانی مرۆڤایەتی بخوڵقێنێت.

ئەوەی شانۆ، بە تایبەت جۆری شانۆی دەرەوەیی، لە ئەنجامی بیروباوەڕ و بەها بەکۆمەڵەکانەوە سەریهەڵداوە و زۆرجاریش هەوڵی داوە ڕێز لە هاوڵاتیانی بگرێت و نەخشگەلێک پێشکەش بکات کە لە بەها بەکۆمەڵەکانیانەوە وەرگیراون. لە ڕاستیدا، نمایشەکانی دەرەوە ڕەنگدانەوەی هەست و سۆزی ناوەوە و یادەوەری بەکۆمەڵ و مێژووی کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێکن.

بەرهەمهێنان شانۆی شەقام دوو ئەرکی هەیە، یەکەم: ئەرکی فێستیڤاڵەکەی لە شێوەی نمایشی بەکۆمەڵ و کەرنەڤاڵی خۆشیدایە کە هاوسۆزی لە نێوان هاووڵاتییانی شارێک یان کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ورووژێنێت؛ بەڵام ئەرکی دیکەی سیما یاخی و دژە یاخیبوونەکانیەتی، کە ئاماژەن بۆ لاوازی و دژایەتی و کەموکوڕی کۆمەڵایەتی.

ئەم تایبەتمەندییە دووانەیە و تەنانەت هەندێکجاریش دژ بەیەک، بەشێکە لە پەیکەری ئەم جۆرە شانۆیە.

بەم پێیە وەک بەراوردێک لە نێوان شانۆی شەقامی ئەمڕۆ و شانۆگەرییە دێرینەکاندا دەتوانرێت پەیوەندییەک بدۆزرێتەوە کە زیاتر لە پێکهاتە و فۆرمی دەرەکیدا دایە نەک لە ناوەڕۆکەکەیدا. هەروەها ئەم لێکچوونە لە لایەنە کارابیەکانیدایە نەک دەرکەوتە زارەکی و قسەکردنەکانی.

میشێل سیمۆن (Michel Simonot) ، یەکێک لە هونەرمەندەکانی شانۆی سەر شەقامەکان، لەسەر ئەم هونەرە دەنووسێت:

«کوچە یان شەقام تەنها شوێنێک نییە بۆ پیاسەکردن، بەڵکو شوێنێکە بۆ بیرکردنەوە.لە دەرەوەی نەخشە گرێبەستەکانی هونەرە نمایشییەکانە، وتێکەڵەیەکە لە ژانرە جیاوازەکانە.ئێمە بە تەکنیکە تایبەتەکانی نواندن تاقی دەکەینەوە، بەبێ ئەوەی خەمی یاسا پێشوەختە دیاریکراوەکانی هونەرمان هەبێت.ئێمە بە ئازادی دەژین، لە دەرەوەی سنوورەکانی شانۆ ناو هۆڵ،ئێمە نمایشەکانمان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا تۆمار دەکەین،پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ بەربەستێک؛بە پێچەوانەی شانۆی هۆڵەوە،پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکان بزوێنەرەکە هەموو ڕووبەرێک لە شانۆدا پێکدەهێنێت،بەڵام لە

مامەڵەکردنمان لەگەڵ ڕێبواران و خەڵکدا هەرگیز هەڵیاننابژێرین. یەکگرتوویی و هاوسۆزی توخمێکی بەنرخە لە ژیان و لە گروپی نواندنی شانۆیی دا.هیچ پچڕانیک لە نێوان ئەندامانی گروپەکەدا نییە،کەس لە کەسێکی تر باڵاتر نییە،لە کارەکانماندا،لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدا لەگەڵ هەموو شتێکداین:دیمەن و بابەتی شانۆیی،گەلەکەمان، کاتمان، کەش و هەوا و بیرکردنەوەکانمان»

ڕێبازی تیۆری،بە دڵنیاییەوە،نیشان دەدات کە شانۆی سەر شەقام فەزاییێکی پڕ لە هاوکاری لە نێوان هاوڵاتیانی کۆمەڵگەیەکدا دروست کردووە،وە ڕۆڵێکی بەنرخ دەگێڕێت لە پێشخستنی کولتوری نیشتمانی و تەنانەت جیهانیشدا؛هەروەها پەیوەندییەکی مۆدێلی تایبەت لەگەڵ خەڵکدا گریمانە دەکات.

شانۆی سەر شەقام،تا ئێستا بابەتی کتێب و تێزی ئەکادیمی نەبووە کە باس لە بابەتگەلێکی ئاستەنگ بۆ وروژاندنی تەحەدا بکات. وە سەرنجی کولتووردووستان بۆ لای خۆی ڕابەکێشت،وە بەرژەوەندییەکانی هاوبەش لە نێو هۆگرانی فەرهەنگ و کلتوری بوروژێنەت،وە ئەمەش زۆر جێگەی داخە. بە تایبەتی،لێکۆڵینەوە لە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی وە کۆمەڵایەتی ئەم هونەرە زۆر گرنگە. چونکە بۆ ئەوەی بگەینە بوون و واقیعی هەر دیاردەیەک، پێویستە لە ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوویی ئەو دیاردەیە بکۆڵرێتەوە. بێ گومان بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی لۆژیکی،پێویستە سەیری قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان بکەین کە ئەم شانۆیە تێیدا گەشەی کرد، ولێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

هەروەها ئەرکە کولتووری و سیاسییەکانی بە تایبەتی بەراورد شانۆی شەقام بە شانۆی هۆڵ توێژینەوەی لە سەر بکرێت،وە جیاوازی یان لێکچوونەکانیان دەست نیشان بکرێت.

سەبارەت بە جیاوازی نێوان شانۆی سەر شەقام و شانۆی هۆڵ دەتوانین ئاماژە بە ٤ توخمە بنەڕەتی بکەین: ١- شوێنی پیشاندانی ٢-جۆری پەیوەندی لەگەڵ خەڵک ٣- جۆری پەیوەندی لەگەڵ دەق ٤- زمانی جەستە

شانۆگەرییەکە دەکەوێتە دڵی فەزای شار و فەزای گشتی،گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی گشتی،دواتر پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێبواران،وە هەندێک جار جۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ئەوەی بەشداری نمایشەکە بکەن،یان بە جۆرێک پاڵنەر و ئارەزووی تێدا دروست دەکات،بەکارهێنانی زمانی جەستە،بە واتای ئاماژە، جووڵە وە کردارە جەستەییەکان،هەموو ئەوانەی سەرەوە هەندێک جار گرنگترن لە دەقی نووسراو.

بەڵام شانۆی سەر شەقام وەک هەر چالاکیەکی تری کولتووری ڕۆڵی نێوەندگیری دەگێڕێت.وە پەیوەندییەک لە نێوان چینی خوێندەوار و نوخبە لەگەڵ چینی خوارەوەی کۆمەڵگادا دادەمەزرێنێت؛هەروەها زۆر کاریگەرە لە دروستکردنی هاوسۆزی لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

لە ڕێگەی ئەم نمایشە بەرواڵەت سەر شەقامە توانای چاککردنەوەی زۆرێک لە خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵایەتی هەیە.وە بەرەوپێشبردنی کولتوری گشتی کۆمەڵگا.ڕەنگە بە هەمان هۆکار،زۆر کەس کە لە بواری هونەری شەقامدا کار دەکەن،زۆربەیان ڕوانگەیەکی جیاوازیان هەیە،واتە توانا فەرهەنگیەکانی

کۆمەڵگا و پۆتانسێلی تاکەکانی لەم بوارەدا دەستنیشان کردووە وە پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە زمانێک بخەنەڕوو کە خەڵکی گشتی لێی تێبگەن.

جگە لەوەش چالاکانی شانۆی سەر شەقام

هەستێکی زیاتریان بە پابەندبوون بە کۆمەڵگاوە هەیە،

دەسەڵاتی زیاتریان هەیە بۆ کارکردن لەگەڵ خەڵک،

وە پابەندبوونە سیاسی و کولتوورییەکانیان بە باشترین شێوە پێکدەهێنن،

پەیوەندی کۆمەڵایەتییان دروست بەکار دەهێنن،

وە پردێک لە دابەشکارییە وە تێکچوونی کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخەنەوە.

بە سەرنجدان بەوەی کە شانۆی سەر شەقام لە دەرەوە ئەنجام دەدرێت،واتە ڕاست لەو شوێنەی کە ژیان لێیە،وە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە فۆڕمی هونەری نوێ دادەهێنن،کە لەگەڵ نەخشە جوانیناسییەکاندا و لەگەڵ نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دەگونجێت،

کەمبوونەوەی گرژییە کۆمەڵایەتییەکان،وە هاوسەنگی لە ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا جێگیر دەبێت.جگە لەوەش لە کاتی نمایشە بەکۆمەڵەکان و ئاهەنگەکاندا خۆشی و وروژاندنێکی زۆر لەناو کۆمەڵگادا بەدی دێت.

هۆشیاری دان و تێگەیشتن لە بەکارهێنانی میتۆد و تەکنیکەکان وگفتۆگۆ لەسەر کاریگەرییەکانی خەڵکی گشتی،و هەروەها ئاشنابوون بە کولتوری گشتی،پێویستی بە کاری پراکتیکی لەم بوارەدا وە گرنگە ئەو ئەزموونانەی کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی تەرخان بکرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە یەکێک لە ئەرکەکانی هونەر،بە تایبەتی هونەری شانۆ لابردن وکەم کردنەوەی کێشە سیاسییەکان و کولتوری خەڵکی ئەو سەردەمەیە،و لەبەر ئەوەی هەر قۆناغێکی سەرقاڵی و نیگەرانی خۆی هەیە؛بۆیە ئاشنابوون بەم ئازارانە پێویستی بە ڕێکخستنی هونەر و کۆمەڵگا هەیە.

ئەگەر لە ڕابردوودا، نمایش تەنیا بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک و پڕکردنەوەی کاتەبەسەربردنەکانیان بەکارهاتبوو؛ئەمڕۆ لەگەڵ ئاڵۆزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکان لەناو کۆمەڵگادا، ئەرکی هونەری شانۆ زۆر ئاڵۆزتر و قووڵترە بۆتەوە، بۆیە مرۆڤ دەبێت زمانی ئەم هونەرە بە باشی بزانێت و بەکاری بێنێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی.

# نیگەرانییەکان

لە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی تیۆریدا،کەمتر بە شانۆی سەرشەقام وەک پۆلێکی تەواو جدی چاوی لێکراوە،وە کەمتر تایبەتمەندی هونەری و کاریگەرییەکانی لەسەر فەزای کولتووری وڵاتەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا چالاکن وکاردەکەن لە ڕاهێنانی فەرمی شانۆدا بێ بەهرەن،وخوێندنی ئەکادیمیان لەم بوارەدا نییە،و زۆرجار لە ڕێگەی ئەزموونە پراکتیکییەکان و هەروەها لە تاقیکردنەوە و هەڵەکردنەوە، لەم بوارەدابەردەوامن،بەڵام ئەو دامەزراوانەی کە بەرپرسیارن لە داڕشتنی سیاسەت و جێبەجێکردنی چالاکییە هونەریەکان،سەرنجی زیاتر بەشانۆکانی ناوهۆڵ ونمایشی فەرمی نیشان دەدن، وبودجەی زیاتریان پێدەدەن.

بەڵام شانۆی سەرشەقام هەروەها بە سەرنجڕاکێشان و بەشداریکردنی خەڵک بۆ لای خۆی وسلماندنی بوونەوەری خۆی ،کەم کەم سەرکەوتن بەدەستهێنێت. بەداخەوە میدیاکانیش کەمترهەواڵەکانەی شانۆی شەقام بڵاو دەکەنەوە ڕەنگە زیاترلەبەر ئەوەیە کە گویا ڕێژەکی ڕۆشنبیرانەی کەمتری لە شانۆی هۆڵ هەیە. وە زۆربەی خەڵکی ئاسایی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشت.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کەم شانسی شانۆی سەر شەقام،نەبوونی ئەکتەری بەناوبانگ لەم بوارەدایە،چونکە زۆربەی خەڵک تەنها بە بوونی ئەکتەرە بەناوبانگەکان ودەرکەوتنیان کارێکی شانۆیی هەڵدەسەنگێنن. و کەمتر دەق وناوەرووکی کاری شانۆکە جێگەی سەرنجە.

بەپێی ئەو مەرجەی باسکراوە،هەر سەرکەوتنێک، هەرچەندە ڕێژەیی بێت، کە لەم بوارەدا بۆ شانۆی سەر شەقام دروست بووە بە پشت بەستن بە تواناکانی هونەرمەندانی ئەم هونەرەدروستکراوە،چونکە تا ئێستا هیچ بانگەشە و هاندانێکی بەرچاو لەم ڕووەوە نەدراوە.

یەکێک لەو کێشانەی کە نمایشکارانی شانۆی سەر شەقام بەردەوام ڕووبەڕووی بووەتەوە ئەوەیە کەلەلایەن ئەمیندار و بەرپرسانی شارەوە بەهۆی نەبوونی مۆڵەت بۆ نمایشکردن لە شەقامەکاندا،دەست بەسەردەکردێن. بەڵام ئەم جۆرە ڕووداوانە لە شارە گەشتیارییەکان ،کە زۆربەی داهاتی شارەکە بەهۆی ئەم جۆرە نمایشانە بەرز دەبێتەوە کەمترڕوودەدات،بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا یەکێکە لەو سەختییانەی کە شانۆکارانی سەر شەقام ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

شارەوانی پاریس لە ناوەندی ڕۆشنبیری خۆی بە ناونیشانی«سەنتەری پۆمپیدۆ»«( Centre Pompidou) بۆ گەڕاندنەوەی شکۆمەندی نمایشەکانی سەرشەقام، شوێنێکی تایبەتی بۆ ترخان کرد.

ئەم کرداره بووە هۆی هاندانی ئەو کەسانەی کە لەم بوارە شانۆییەدا بەشدارن بۆ ئەوەی بوونیان وەک هونەرمەند لە کۆمەڵگادا لەبەرچاو بگیرێت. خۆزگە بەرپرسە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکانمان ڕێگەیەکیان بۆ زیندووکردنەوەی شانۆی سەر شەقامەکانمان بە هەمان شێوە دەهێنایە پێشەوە.

زۆرێک لە نمایشکاران و هونەرمەندانی شانۆی سەر شەقام بەو ڕاستییەی کە دەبێت کارەکانیان لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە پەسەند بکرێت تا مۆڵەتی نمایشکردنیان هەبێت،هەست بە ئاسوودەیی ناکەن .

لە شانۆی سەر شەقامدا بینەر ئازادییەکی تەواوەتی هەیە؛لە هەر ساتێکدا توانای شکاندنی بازنەی شانۆگەرییەکەی هەیە،وە ئەو کەش و هەوا شانۆییەی کە ئەکتەرەکان و تیپەکە بە سەختی دروستیان دەکرد بیشێونین؛هەروەها بوێری ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی شیکاری ببێتەوە،ئەکتەرەکان، تواناکانی ئەدای کارکردنیان بەچالێنج بەکێشێت.

بێ گومان فاکتەری مەترسی لە شانۆی سەر شەقامدا زۆر بەرزە،وە لە هەر کاتێکدا، بە هۆکاری جیاواز،جوراجور دەتوانرێت نمایشەکە ڕابگیرێت،بەڵام بە تێڕوانینێکی ئەرێنی بۆ ئەم شانۆیانە،دەکرێت وا بگوترێ ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لە مەرجە ورووژێنەرەکانی شانۆکە،وە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە گێژاوسەرلێشێواوی لە کاتی کارکردنی شانۆی سەر شەقام دوور نییە ویاحەتمییە؛چونکە کەسانێک کە خاوەن پاشخانی کولتووری جیاوازیان هەیە لە کوچە و شەقامەکە دەدۆزرێتەوە.بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە نابێ ئەکتەرەکان لەم جۆرە بارودۆخانەدا توڕە و ناڕەحەت و دوودڵ و پاسیڤ بن.

بێگومان تێکچوونی کەم،خۆی دەبێتە هۆی کارلێککردن لەگەڵ بینەر،وە فەزای نمایشەکە لە دۆخێکی یەکلایەنەدا دەهێنێتە دەرەوە؛چونکە هەندێک لە تێکدەرەکانی بەرنامەکە،کەسانی خاوەن ڕەوشت و شیرینن وە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن بۆ دەربڕینی خۆیان.

«تێکچوون نەک هەر کێشە نییە بۆ ئەکتەری لێهاتوو،بەڵکو نیعمەتێکە،چونکە دۆخێک نیشان دەدات کە پێشتر پرۆڤەی نەکراوە و بینەر تامەزرۆی ئەوە دەکات بزانێت چی ڕوویداوە و چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.»

هەرچۆنێک بێت،پێویستە لە کاردانەوەی توند و شەڕانگێزانە بە توندی دوور بکەریتەوە،هەندێک جار بینەر لەم ڕووداوانەدا دەستوەردان دەکات و تێکدەرەکە لە سێتەکە لادەبات وە یارمەتی شانۆکارەکە دەدات بۆ پووچەڵکردنەوەی کردەوە ڤێزەونەکانی تاوانبارکە.

هەندێک جار هۆکارە سروشتییەکانی وەک با، باران، بەفر و گۆڕانکارییەکانی دیکەی کەشوهەواش دەبنە هۆی دروستبوونی بڵاوەپێکردنی بینەران یان وەستاندنی نمایشەکە.

لە نێو ئەو نیگەرانییە تەکنیکیانەی لە کاری شانۆی سەر شەقامدا هەیە، ڕێگریکردنە لە بەکارهێنانی کاریگەر و گونجاوی ئامێرەکانی ڕووناکی و دەنگ لە نمایشکردنی شانۆکەدا.

بەو پێیەی نمایشەکە زیاتر لە شەقامە قەرەباڵغەکانی شاردا نمایش دەکرێت،لێرەوە یەکێکە لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی بریکارەکانی نمایشەکە،دەنگێکی نائاساییە کە بە شێوەی جیاواز دێت و ڕوودەدەن،دەنگی جوڵەی ئۆتۆمبێلەکان،وە هەندێک جار ڤیژە ڤیژەیان،ئاژاوەی ڕێبواران یان

هاوارەکانیان کە بە هۆکاری جۆراوجۆر دەبنە هۆی تێکچوون،هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەندێک جار لە کاتی نمایشەکەدا دەنگی ئەکتەرەکان لەلایەن بینەرانەوە نابیسترێت. بۆیە دەبێت ئەکتەرەکان بە هێزێکی زیاترەوە دیالۆگەکانیان یاری بکەن، و دەنگیان بەرز بکەنەوە.کە هەندێک جار لەگەڵ بەردەوامبوونی گفتوگۆکانیان دەگۆڕێت بۆ هاوارکردن؛وە بێ گومان ئەم جۆرە بارودۆخانە کوالیتی کار بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکەنەوە،یان بە تەواوی ئەدای نمایشەکە تێکدەدات.

هەروەها فاکتەری ڕووناکی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێرێت لە کوالیتی نمایشەکەدا.بە تایبەت کە لەم جۆرە شانۆیەدا، بەبێ بەکارهێنانی ئامێری ڕووناکی و بە یارمەتی ڕووناکی سروشتی دەوروبەر ئەنجام دەدرێت.نمایشکردن لە ڕووناکییەکی بەرز و خۆری تونددا وا دەکات ئەکتەر بەرگەی کارەکە نەگرێت و بینەر بەردەوام نبێت.

هەروەها نمایشکردن لە ڕووناکییەکی کەم و نەگونجاودا یەکێکە لەو هۆکارانی کە سەرنجڕاکێشییەکان کار کەم دەکاتەوە.

# ستراتیژییەکان

ئەزموونی دروستکردنی بیرۆکەی بەکۆمەڵ، یادەوەری و هەست و سۆز دەهێنێتەوە یاد،هەروەها لە ئەنجامدا دەرئەنجامی هەوڵێکی بەکۆمەڵە خۆشییەی کە لێی دروست دەبێت،تەنانەت ئەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوانەی کە لە بارودۆخی ئاسایی ژیاندا کەمتر ڕوودەدەن،تەحەدای توانا شاراوەکانی تاکەکان دەکات،وە لە ڕێگەی ئەمەوە ئەزموونی بەنرخ بۆ مرۆڤەکان دەهێنێت.

پێکهاتە هونەریەکان خۆیان خاڵی دەستپێکن بۆ دروستکردنی تۆڕێک لە پەیوەندییە نوێیەکانی نێوان تاکەکان؛هەروەها توانای گەیشتن بە لێکتێگەیشتن و دروستکردنی کارێکی هاوبەش کە بەرهەمی کۆدەنگی و هاوسۆزی نێوانیان بێت،دابین دەکات.لە کاتی کارکردندا لێکچوون و جیاوازی فیکری لە نێوان ئەندامانی گروپەکەدا دەردەکەوێت،وە ئەم ڕووداوە هەم دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوە لە نێوانیاندا دروست دەکات و هەم دەتوانێت کاریگەر بێت لە ڕەخساندنی کەشێکی متمانە و هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا.هەندێک جار تەنانەت گرنگ نییە چ پاڵنەرەێک کۆیانی کردۆتەوە؛یان چەندە لە کاری شانۆیی یان هونەری خۆیانداسەرکەوتوون ،بەڵکو دەرفەتێک بۆ فێربوونیان دەڕەخسێنێت،کە زۆر شت تەنیا بە هەوڵی جەماوەری دەتوانرێت بەدی بهێنرێت؛فێردەبن لەگەڵ جیهاندا تێکەڵ ببن و بیرکردنەوەکانیان کۆبکەنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش. ئەوان پێکەوە فێری تێگەیشتن و هاوکاری و لێبوردن و ڕێگاکانی گەیشتن بە بیروباوەڕێکی هاوبەش دەبن . وە ئەمانە ئەو شتانەن کە پێگەیشتنی بیرکردنەوە و بوێری بوون بە "من"یان بۆ دەهێنن.

شکاندنی بەربەستی ژیانی ڕۆژانە مەشقکردن بە گەیشتن پراکتیزەکردنی بەدیهێنانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و چوونە ناو جیهانی هونەرە، کە چێژ بە لوتکەی کارەکانی دەزانێت. گەیشتن بەم پێگەیە بە باشترین شێوە لە ئاهەنگەکاندا بەدەست دێت،

لە ساتەکانی ئاهەنگەکەدا،بەهۆی بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان،زۆر بە ئاسانی چەمکی "ژیان" دەتوانرێت ئەزموون بکرێت؛ ئەزموونێک کە جگە لە عەقڵی باو،ساتەکانی خۆشی هەروەها بۆمان دەهێنن،کە لەم کات و کێشە فەزاییانەدا،وەکو گەوهەرێکی بەنرخ وایە.

پێویستە نمایشێکی سەر شەقام بە نمایشێکی ناوازە هەژمار بکرێت کە جیهانێکی زۆری نەدۆزراوی هەیە و بۆ دۆزینەوەی ئەم جیهانە نەناسراوانە،دەبێت پێش هەموو شتێک شێوازە دروستەکان بۆ هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و قبوڵکردن لە نێوان خەڵکدا بدۆزرێتەوە، لەم بارەیەوە بەربەستەکان، وە سەختییەکان،سەر رێگایی هەڵبگیرێت.

یەکێک لە ئەرکەکانی شانۆی سەرشەقام،زیندووکردنەوەی مێژووی ونبوو یان لەبیرکراوی هەر ناوچەیەکە،واتە وەبیرهێنانەوەی ئەفسانە و ڕاستییە تاڵ و شیرینەکانی ڕابردووی باوباپیرانمان،کە ئەمڕۆ بەبەشێک لە کولتوری خاکەکەمان دادەنرێت.

بۆ ناسینەوەی ئاوات و هیوا وهەروەها هۆکاری خۆشی و نیگەرانیەکانی ژیانیان، نەک هەر دەرفەتێکە بۆ ناسینی مێژوو و کولتوری ڕابردوومان، بەڵکو بە ناسینی شێوازی ژیانیان، زیاتر لەبارەی بوونی ئێستامانەوە دەزانین؛؛ لە هەمان کاتدا دەرفەتێکمان بۆ دەڕەخسێت بۆ بەرز نرخاندنی ئەو بەهایانەی کە ڕابردوو بۆی بەجێی هێشتووین.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە مێژووی ڕابردووی ئێراندا،هەروەها جۆرە جیاوازەکانی شانۆگەری دەرەوە وەک گێرانەوە و تازیە و شانۆی ڕوحوزی بەناوبانگ بوون. ئەمڕۆ بەشێک لەو شانۆگەرییانە بەتەواوی بەسەرچووە کە ئەمەش زۆرجیی داخە.

هەندێک لە نمایشە سەر شەقامەکان بینەری تایبەت بە خۆیان هەیە،وە هەمیشە لە شوێنێکی دیاریکراودا بەڕێوەدەچێت،گۆشەی پارکێک یان شەقامێک،لە کاتێک یان بۆنەیەکی دیاریکراودادەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی بینەر و ئەکتەر. هەندێک لە نمایشە سەر شەقامەکان بینەری تایبەت بە خۆیان هەیە،وە هەمیشە لە شوێنێکی دیاریکراودا بەڕێوەدەچێت،گۆشەی پارکێک یان شەقامێک،لە کاتێک یان بۆنەیەکی دیاریکراودادەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی بینەر و ئەکتەر.

بۆ زۆر کەس، ڕۆیشتن بۆ هۆڵی شانۆ بەهۆی تێچوون وسەرفی پارە ویا دوورییەوە ناگونجێت،بۆیە ئامادەبوون و سەردانی شانۆگەرییە سەر شەقامەکان زۆر کاریگەرە بۆ ئاشنابوونیان بە هونەرە شانۆییەکان.

گروپی شانۆیی وەک ئامێرێک یان سیستەمێکی ڕێکخراو وایە کە پێکهاتەیەکی زۆری تێدایە.بە شێوەیەک کە تێکچوونی یەکێک لە پێکهاتەکان تواناکانی تەواوی کۆمەڵەکە تێکدەدات. بۆیە بەپێی ڕێکەوتنی سەرەتایی نێوان تاکەکان وئەندامانی گرووپەکە، ئەنجامدانی هەرکردارێک کە زیان بە پێکهاتەی گشتی سیستەمی شانۆکە بگەیەنێت، جێگەی سەرزەنشتە. بۆیە لەم جۆرە هەلومەرج و بارودۆخانەدا، پێویستە خۆمان  لە ئەنجامدانی هەر یەکدەنگییەک یان ژێستی خۆپەرستانە و نیشاندەرانە بەدوور بگرین.

خوازراوترین شێوەی شانۆی سەر شەقام،دۆخێکە پەیوەندی بە زۆرترین بەشداریی جەماوەرییەوە هەیە،لێرەوە پێویستەهەموو ئەو بەربەستانەی کە بەربەستێک لە نێوان ئەکتەر و بینەردا دروست دەکەن لابچێت؛واتە وەک ئاهەنگێک کە هەموو ئامادەبووان،بەبێ هیچ زەحمەتێک توانای ئامادەبوون و بەشداریکردنیان هەیە ،هەروەها  ئەکتەر کاتێ هەست بە ئامادەبوونی بینەرلە نمایشەکەدا دەکات هەستی هاوڕێیەتییەکەی زیاترلە کارەکانیدا دەردەبڕێت.

بەشداریکردنی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەکە بینەر خۆی لە ئافراندنی بەرهەمەکەدا بەشدار دەزانێت. لە ڕاستیدا دەرئەنجامی چەند مانگێک پرۆڤەی ئەندامانی گروپێکی شانۆی سەر شەقامەکانە کە بینەران تەنها بۆ چەند کاتژمێرێک دەتوانن سەیری بکەن. ئەگەری ئەنجام و هەوڵ وماندووبوونی چەند مانگەی گرووپەکە لە ساتەوەختی شانۆگەریەکەدا ئەو کاتێە کە بە نیگای بینەرەوە ببەسترێتەوە، کە تەنها چەند خولەکێک یان کاتژمێرێک سەیری دەکات.

هەرچەندە زۆرێک لەم نمایشە سەر شەقامانە لە شێوەی ئاهەنگی کەرنەڤاڵدا ئەنجام دەدرێن، کە زۆرجار ناوەرووکی نەریتییان لەسەرە، بەڵام پەیوەندی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێی ڕێکخەرانی ئەم ئاهەنگانە کە وەک ئەکتەر لە قەڵەم دەدرێن، بەخەڵکی ئاساییە پێوندی دەبێت وچارەسەر دەکەرێت. لەبەرچاوگیران وبشداریدانی هەر بینەرێک لەلایەن ئەکتەرەکانەوە،بە بەکارهێنانی وشەێک،یائاماژە و دۆخانەی کە ئەکتەرەکان دروستی دەکەن،ئارەزووی بینەر بۆ درێژەدان بە ئامادەبوونی زیاد دەکات. هیچ کام لە کارە دەستەجەمعییەکان بە ئەنجام ناگات تەنها بە هاوکاری تاکە بەتاکی هەر ئەندامێک نەبێت؛لە دیزاینەری جلوبەرگ و بەڕێوەبەری شانۆ و ڕووناکی و مۆسیقژەن تا دەگاتە دەرهێنەر و ئەکتەر و ڕێکخەرانی نمایشەکان، هەموو کەسێک دەبێت بە باشترین شێوە بەرپرسیارێتیەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

زۆرجار دەرفەتی کار بە دابەزینی هێز و لەناوچوون توانای ڕاستەقینەی کەسایتیەکان لە ناو دەچێت.لە کاتێکدا ئەزموونی هونەری بە تایبەت کاری شانۆیی بۆ ئەوەیە کە زۆرترین سوود لە توانایی کەسییەکان وەربگیرێت.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شانۆ لە سەدەی بیستەمدا لە هەموو پارچەکانی جیهاندا تێکەڵبوونی لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆیدا بوو.

لەبەر ئەوەی شانۆ توانایەکی بە کەڵک وەرگرتن لە دیالۆگەکان و کاریگەری لەسەر هەستەکان بۆ کاریگەریکردن لەسەر بیروباوەڕ و بیری بینەرهەبووە،هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ بۆ ڕۆشنگەری و ڕێکخستنی بیروباوەڕی خەڵک؛بە تایبەتی شانۆی سەر شەقام کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕەگ و ڕیشەی لە بیروباوەڕی ئایینی و فۆلکلۆری سەردەمی کۆندا داکوتاوە،بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی قەیرانی سەدەی بیستەمدا،زمانێکی سیاسیی وە ڕەنگدانەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی-سیاسی چینە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان گرتە ئەستۆ.

لە ڕاستیدا هەریەک لە بزووتنەوە سیاسییەکان، بەناوی خەڵکەوە و وەک وتەبێژی ڕۆشنبیر کە لە بواری هونەریشدا چالاک بوون، بە بەکارهێنانی میکانیزمی هاندان و پڕوپاگەندە و نمایشی هونەری، هەروەها پاراستنیان لە فاکەڵتییە هونەریەکانی کۆمەڵگاکەیان کرد.وە هم بە بەکارهێنانی زمانی هونەری، کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایان ئاشکرا کرد.

# ئەنجام

ئەوە ی کە شانۆی سەر شەقام لە نمایشە ڕێوڕەسمییەکانی سەردەمی دێرین جیا دەکاتەوە،گۆڕانکاری لە پێکهاتە شانۆییەکانیدا نییە، بەڵکو گۆڕانکارییە لە ئامانجە شانۆییەکانیدا، چونکە لە ڕووی پێکهاتەوە جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان نمایشەکانی ئێستای شانۆگەرییە دەرەکییەکان و نمایشە ڕێوڕەسمییەکانی ڕابردوودا نییە.

شانۆی ئاییینی و ڕێوڕەسمی زیاتر سەرنجی لەسەر چەمک و بەهاکان بوو کە لە کاتدا قەتیس نەبوون و دەتوانرێت لە قۆناغەکانی دواتردا بەردەوام بن؛تەوەری شانۆیی ڕەگ و ڕیشەی لە بیروباوەڕەکاندا هەبوو،وە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوە مێژووییە ڕاگوزەرەکاندا نەکردووە.لە کاتێکدا شانۆی سەرشەقام خۆی لەگەڵ بارودۆخی مێژوویی ئەو سەردەمەدا گونجاند و باسی ئەو پرسانەی دەکرد کە دیاردەی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان کولتووری بوون و تەنیا هی تاکەکانی نەوەیەکی دیاریکراو یان کۆمەڵەیەکی مرۆیی بوون.

هە رچە ندە هە ردووکیان لە شانۆکاندا ڕەنگدانەوەی ئایدیاڵە مرۆییەکان بووە ، بەڵام شانۆی سەر شەقام زیاتر شانۆییکی پراگماتیك و ئەزموونگەری بووە کە هەوڵ دەدات کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی قۆناغێك ڕەنگ بداتەوە و چارەسەرەکان بە شێوە یەکی ئاشتیخوازانە و هە ندێکجاریش یاخییانە پێشکەش بکات؛وە زۆرجار بە شێوەیەکی ڕۆشنگەرانە و لە هەمان کاتدا پابەند لە نێوان ئەو و بینەردا پێشکەش دەکرا. جگە لەوەش پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەندێک لە نەریتە ئاساییەکانی شانۆی ڕێوڕەسمیش بە تێپەڕبوونی کات نەماون.

شانۆی سەر شەقامەکان قۆناغێکی سەردەم و کاریگەر بووە، کەڵکی لە پاشخانی مێژوویی خۆی وەرگرتووە و شانۆگەرییە جۆراوجۆرەکانی لە بوارەکانی هونەری مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا پێشکەش کردووە.

لە سەردەمی ئێستاشدا ئازارە کۆمەڵایەتییەکان و کەموکوڕییە کولتوورییەکان وەک واقیعی ژینگەیی ڕەنگ دەداتەوە،ئەم شانۆیە بە نیشاندانی هۆشیاریی خۆی لە دۆخی سەردەم و ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعە سەختەکانی چارەنووسی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خەڵک، بەرخۆدانێکی ئاشت نەکراو لە بەرامبەر دیترمینیزمی سەردەم نیشان دەدات.

لە ڕاستیدا ئەم شانۆیە بە ئەزموونە بەنرخەکانی ڕابردووی لە نمایشکردنی شانۆگەرییە نەریتی و ڕێوڕەسمییەکان، تایبەتمەندییە سۆسیۆلۆژییەکانی قووڵتر و دینامیکیتر لە شانۆ هۆڵییەکان هەیە.

لە بنەڕەتدا دیدار و چاوپێکەوتنی خەڵک ئامانجی سەرەکی ڕێکخەرانی ئەم شانۆیە؛بەڵام کۆبوونەوە و پەیوەندیکردن بە جۆرێکی تر؛کۆبوونەوەیەک بە بەکارهێنانی زمانی هونەری بە پەیوەندی داهێنەرانە و داهێنان؛وە لە ئەنجامدا دروستکردنی جۆرێکی نوێ لە هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکی گشتیدا.

**شانۆی سەر شەقام وەک ناوبژیوانی کولتووری توانای هەیە کە لە نێوان هەست و سۆزە کەسییەکان و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا کە تاک لەخۆدەگرێت،هاوسەنگیەکا.**

**گۆڕینی شوێنێک بۆ فەزای شانۆ، بە بەکارهێنانی هێزی بیرکردنەوە و سەلیقەی هونەری، داهێنانێکی بەنرخە؛وە لەگەڵ بەکارهێنانی شانۆی سەر شەقام، دوو توخمە سەرەکییەکەی شانۆگەرییەک، ئەکتەر و بینەر، بەبێ هیچ زەحمەتێک و ئامادەکارییەکی پێشوەختە لە تەنیشت یەکەوە دادەنرێت.**

**بۆیە دەکرێت شانۆی سەر شەقام بە فەزایەکی خۆدامەزر و خۆپاڵنەرناو برین،کە ڕەنگدانەوەی ڕاستی ئێمەیە.**

# کتێبنامە

**مەیسۆن، بیم. (١٣٨٣). شانۆی سەر شەقام لە وەرگێرانی شیرین بۆزۆرگمێهر. تاران: زانکۆی هونەر.**

*Aspects du théâtre populaire à la Renaissance* **( Colloque). (١٩٨٩). Paris, Sedes.**
**Corvin, Michel. (١٩٩١).** ***Dictionnaire encyclopédique du théâtre*****, Paris, Bordas.**
**Couprie, Alain, (١٩٩٥).** ***Le Théâtre, Paris*****, Nathan.**
**Larthomas, Pierre, (١٩٧٢).** ***Le Langage dramatique*****, aris, Armand Colin.**